# کورد و له سێدارەدانی سەدام !

عەلی مەحمود محەمەد

**2007-2-8**





هەرچەندە پێش دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام , ماوەیەکی زۆر بەر لە ئەوەی کەسی تر لەم بارەیەوە قسەیەك بکات و وشەیەك بکاتە سەر کاغەز , لە چەندین وتاری بڵاوکراوەدا لە سایت و ڕۆژنامەکانەوە وتم : نا بۆ لە سێدارەدانی سەدام , بەرزکردنەوەی ئەو درووشمە بۆ کەسێك کە خۆی لە ڕابردوودا قوربانی دەستی ئەو دەسەڵاتە بوبێت , خۆشەویسترین و ئازیزترین کەسەکانی بەدەستی ئەو ڕژێمە لە دەست دابێت , زۆر ئەستەم و گرانە , وەلیٚ وەك پێشبینیکرا ( هەڵسوڕاوانی چاك و زۆرێك لە ڕۆشنبیران وا بیریان دەکردەوە ) دواتر هەر وا دەرچوو , زۆر پێویست بوو کاری جدی بۆ بە براتیککردنی ئەو درووشمە بکرابایا , لەو سۆنگەیەوە نا بزووتنەوەی دژ بە ئیعدام لە کوردستان , لە ڕێگەی پاراستنی ملی سەدامەوە بەرینە پێشەوە , بەڵکە پاراستنی سەری سەداممان بۆ درکاندنی نهێنییەکانی مێشکی پێویست بوو , بۆ پاراستنی ئەو نهێنیانەی خەزێنەیەك بو بۆ داهاتووی سیاسی گەلەکەمان , ئەو نهێنیانەمان پێویست بوو بۆ بە دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو , ئەوانەشی گویٚ لە دەنگی دی ناگرن , چۆن بەم کارەیان هەلە زێڕینەکان بەردەم گەلەکەمان لە دەست دەدەن , دوایش پەنجەی هەڵەیان گەزی , لیٚ پەنجە گەزینەکە باوەڕ ناکەم فێری گوێگرییان بکات لە جەماوەر و عەقلٚ لە ڕابردو وەربگرن .

ئێستا لە جیهاندا تەنها لە 76 وڵات , بڕیاری لە سێدارەدان بە پراتیك جێبەجیٚ دەکرێت , لە ساڵی 1990 ەوە , ساڵانە 3 وڵات لە جیهان پەیوەست دەبن بەو وڵاتانەی سزای لە سێدارەدان لە وڵاتەکانیان ڕەت دەکەنەوە , جگە لە ئەمەریکا , لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوە .

ولایەتی میشگانی ئەمەریکی یەکەم ولایەت بوو بە پراتیك لە سێدارەدانی ڕەتکردەوە لە جیهاندا . فەنزویلا یەکەم وڵاتە لە جیهان لە ساڵی 1863 لە سێدارەدانی هەڵوەشاندەوە . سوید لە ساڵی 1911 لە سێدارەدانی ڕەتکردەوە . ئێستا لە جیهان 84 وڵات بە تەواوی لە سێدارەدانی ڕەتکردۆتەوە بە یاساو کردار .

تاكو  ساڵی 1977 , له هەموو جیهان تەنها 16 وڵات له سێدارەدانی ڕەتكردبوەوە  , له ساڵی 1990 ەوە 40 وڵات پەیوەست  بوون  بە وڵاتانی دژ بە بڕیاری له سێدارەدان , له ساڵی 1985 ەوە 50 دەوڵەت ( حقائق والارقام حول عقوبة ىلاعدام –منظمة عفو الدولية ) .

هەرچەندە زۆربەی ئەو وڵاتانەی پەیرەوی بڕیاری له سێدارەدان دەكەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامین , وەلیٚ تونس , جەزائیر , مەغرب , مۆریتانیا , بەحرێن له 10 ساڵی ڕابردوو له سێدارەدانیان جێبەجیٚ نەكردووە (جوزیف بشارة – الغاء عقوبة الاعدام یحفظ للانسانیة كرامتها المهدرة ؟ 6-1-2007 ) .
وڵاتێكی وەك فەرەنساش پاش 26 ساڵ كارنەكردن بە بڕیاری ئیعدام , سەرەتای فیبریوەری 2007 له دەستوور بڕیارەكەی هەڵگرت ( الشرق الاوسگ , 1–2–2007 ) .

مردنی سەدام خەونێكی خۆش و ئاواتێكی گەورە بوو بۆ كورد , نەوەی ئێمە لەوەتەی فاممان كردۆتەوە , خەون بەو چركە ساتەوە دەبینیین  , وەلیٚ كە هاتە دی  ,  كەسمان زەماوەندمان بۆی نەكرد و سەرچۆپیمان بۆی نەگرت و شەكرۆكەمان بەسەر منداڵی قوربانیاندا دابەش نەكرد و ئاهەنگمان بۆی نەگێڕا , دایكی شەهیدان هەلهەلەی خۆشییان بۆی لێنەدا  , بۆ یەكەمجارە ئێمەی قوربانیان  , داوای مەرگ لەم كات و ساتەیا نەكەین بۆ جەلادەكەمان  , چونكە خەونەكانی ئەنفال , هەڵەبجە , فەیلی , تەعریب , قەلادزیٚ , بارزانی ....مان  هەموو دۆڕاند , بە مەرگی تاوانكاری سەرەكی , تاوانەكان هەموو بچووك بونەوە , بەم هەنگاوەش  چەندین تراژیدیای مەزنی  كورد له سێدارەدرا .

سەدام ئەو جانەوەرەی زۆری بڕیارەكانی بە تەنیا دەركردووە , یان كەس بۆی نەبووە ڕەتی بكاتەوە و جێبەجێی نەكات , هەروەك دوایی له دادگا فەرماندە سەربازییەكانی ئاماژەیان پێیدا  , بۆیە دەبوایا سەریمان له بیلبیلەی چاومان باشتر بپاراستایا , تاكو هەموو نهێنییەكانمان پێی دادەدۆشی  و لەبەردەم چاوی جیهانەوە,  دانی بە تاوانەكانی دەنا , كەچی بۆخۆی ڕۆیشت و  تێیتەقاند  ,  تاوانەكانیشی له دوای خۆیەوە بچووككردەوە , سزاكەشی لەسەر لاچوو .

## دادپەروەری براوە

سەدام ئەو چركە ساتەی گیرا له بەرواری  13–12–2003 , هەر لەو كونەیا مرد كە تێیدا دۆزرایەوە  , خۆشی باوەڕی ناكرد بگاتە ئەو ڕۆژەی له سێدارەدرا , بە ترسنۆكی له كون دەرهێنرا و  بە پڕ كێشی سەری كرا بە دارا  ,  وێنای شكاندنی پەیكەرەكەی له ڕۆژی 9–4–2003 له گۆڕەپانی فیردەوس و نەعلەكەی ئەبو تەحسین له سەورە كۆتاییان بە هەیبەتی دەسەڵاتی ئەو  هێنا , گەڕانەوە بۆ دەسەڵات پاش نەعلەكەی ئەبو تەحسین بۆ سەدام ئەستەم بوو , بۆیە ترس له گەڕانەوەی بەهانەیەكی پووچ و بێمانا و ناماقوڵ بوو  ,  پاساو بۆچونێكی زۆر  چەوت بوو  ,  گران بوو بگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاكێشانی كەلەسەرەكەی له گۆڕپانی فیردەوس و  نەعلەكەی ئەبو تەحسین .

سەدام 1 ملیۆنی له گۆڕە بە كۆمەڵەكان شاردەوە,  وەلیٚ تەنها لەسەر 148 كەس  له سێدارە درا  , كەچی ئێستا ڕۆژانە له عێراق  150  كەس له شەڕی مەزهەبی دەكوژرێت , بەشی زۆری هەر ئەوانە ئەنجامی دەدەن , كە  بژی موقتەدایان له هۆڵی له سێدارەدانەكە دەوتەوە , ئەوانە هەر ئەوانەن ڕۆژانە

كەلە سەر لە لاشەكان لەسەر ناوەكانیان جیادەكەنەوە , هەر ئەوانەن بوونە بە جەلادی ناوی عومەر عوسمان و ..... .

لە سێدارەدان كۆتایی هێنانە بە ژیانی مرۆڤێكی تاوانبار بە شێوەی یاسایی , پاش ئەوەی هەموو مافێك دەدرێت بە تاوانبار بۆ داكۆكیكردن لە خۆی . بەڵام شێوازی لە سێدارەدانی سەدام , لە دادگاییكردنی دكتاتۆر و سزا دانییەوە كرا بە تۆڵەی مەزهەبی و شەڕی نێوان شیعەو سونە , كوشت و بڕو دكتاتۆرییەتی لە هاوكێشەكە دەركردە دەرەوە , وایكرد دادگاییكردنەكە وەك مەبەستی سیاسی دەربكەوێت نەك جێبەجێكردنی یاسا , درووشمەكان ناو هۆڵی دادگاییەكە ئەم ڕاستییە دەردەخەن , لە كاتی جێبەجێكردنی بڕیارەكە نەوترا بژی دیموكراتییەت و بژی گەل , بەڵكە هاوار بۆ موقتەدا كرا , ئەمەش سەدامی لای زۆر كەس لە تاوانەكانی پاك كردەوە , دیارە زیانلێكەوتووی یەكەم لە پاككردنەوەی سەدام لە تاوانەكانی كوردە , چونكە پشكی یەكەمی لە تاوانكارییەكان بەردەكەوێت , بگرە لێكچوویەك هەبوو لە نێوان تاوانەكانی سەدام و كردەی هەڵواسینەكە .

وەك ئامتژەمان پێی دا , شێوازی لە سێدارە دانەی سەدام , پرۆسەی جێبەجێكردنی یاسا نەبوو , بەڵكە جێبەجێكردنی تۆڵەی مەزهەبی بوو , بۆیە سزا دانەكە ناچێتە پای جێبەجێكردنی یاساوە .

قەنارەكەی سەدام بەشێوەیەك شەڕی مەزهەبی خۆش كرد و جۆشی دا , ڕۆڵی كراسەكەی عوسمانی لە ئێستادا گێڕا , تەنانەت شێوازی ئەنجامدانی لە سێدارەدانەكە لای زۆرێك , كردی بە پیاو باش و بەرزی كردەوە بۆ ئاستی پیاوچاكان و بوون بە ئەفسانە , هەرچەندە ئەوانەی ناڕازی بوون , زۆریان لە ناوەڕۆكدا بۆ خۆیان سەدامێك دیكە بوون نەك بە جەستە بەڵكە بە بیركردنەوە .

ئەمڕۆ هەریەكە لە نیگا و لایەك و گۆشەیەكەوە شێوازی لە سێدارەدانی سەدام دەخوێنێتەوە , سوونە دەیكەنە عوسمان و حوسێنی خۆیان و شەهیدی دەستی سەفەوی , شیعە دەیكەنە یەزید و ئەمەوی , كوردیش گوایا دەستیان بەكڵاو خۆیانەوە گرتووە بۆ ئەوەی بای شەڕی مەزهەبی نەیبات , كەچی ڕەشە بای موقتەدا گەورەترین شانسیانی برد بەرەو گەیشتن بە دەوڵەت , ئەویش پرسی ژینۆسایدە .

حكوومەتێك نەتوانێت ژوورێكی لە سێدارەدان بەڕێوە بەرێت , تەنها 14 كەسی تێدا كۆبوبێتەوە , ئەوانیش هەموو بەرپرسانی نمرە یەكی حەوزەی نەجەف و دەوڵەت بن " لە ئاهەنگی سێدارەدانی سەدام تەنها 14 كەس بەشدار بوون " , چۆن دەتوانێت شەقام و هەرێمە جیاجیاكان بەڕێوەبەرێت و بە یەكسانی سەیری هەموو هاوڵاتیانی بكات ؟ , دیارە مافی هاوڵاتی لە دەوڵەتی ئاینیدا بۆچوونێكی پووچە . شێوازی بەڕێوەبردنی دادگاییەكە و جێبەجێكردنی شێوازی لە سێدارەدانەكە , سەلماندی لە بنچینەوە لە بەغدا دەسەڵات چۆن بەڕێوە دەچێت .

شێوەی جێبەجێكردنی لە سێدارەدانەكە , بە نمرە یەك فەشەلی پارتی دەعوە بوو , چونكە كارەساتی دوجەیل و هەردوو سەرۆك وەزیرانی عێراق بەشی پارتی دەعوە بوون , دیاریكردنی دوجەیل وەك یەكەم كێسی دادگاییكردنەكە , دیاریكردنی حیزبی دەعوە بوو لە دادگا , پرۆسەی لە سێدارەدانی سەدامیش , دەرخەری دادپەروەری پارتی دەعوە بوو , ئەم دادپەروەرییە بوو مالكی بەرەو ڕوی ڕسوایی وێنەگرتنەكە كردەوە , فەشەلی ئەم پارتەی لە هەمبەر وەفاداربوون بەرامبەر گەل و یاسا و كارگێڕی دەرخست .

مالکی به قه‌ڵه‌م سوفتێکی سوور بڕیاری له سێداره‌دانه‌که‌ی واژۆ کرد , که 30 ساڵ بوو هه‌ڵی هه‌ڵگرتبوو تاکو له ڕۆژێکی وادا به‌کاری بهێنێت , شه‌وێکی هه‌ڵبژارد له هه‌مان شه‌ودا ئاهه‌نگی ژن هێنانی کوڕه‌که‌ی بوو .

ده‌بوایا له کوردستانیشدا ڕۆژی له سێداره‌دانی سه‌دام , به ئه‌نازه‌ی ژماره‌ی قوربانیانی کاره‌ساته‌کان , زه‌ماوه‌ند ساز بکرایا و نه‌مام بنێژرایا , وه‌لێ ئه‌و ڕۆژه خه‌نده‌ش له‌سه‌ر لێوان تارا , گوێبیستی هه‌ڵهه‌ڵه‌و سه‌رچۆپی دایکانی قوربانیان نه‌بوین .

مالکی به‌بێ گه‌ڕانه‌وه بۆ ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی بڕیاره‌که‌ی مۆرکرد , ئایا له ئاینده‌شدا مالکی پرس به ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی ده‌کات بۆ کاری گرنگی له‌م چه‌شنه ؟ .

سه‌دام له دوای مه‌رگی شه‌ڕی مه‌زهه‌بی کردی به نه‌مر , ئه‌وانه‌شی بڕی موقته‌دایان وت , دوژمنیان بۆ شیعه په‌یدا کرد , قازانجیان نه‌کرد .

ئه‌مه‌ریکییه‌کان له ژێر باری گرانی سکانداڵه‌کانی له سێداره‌دانه‌که , ته‌رمه‌که‌ی سه‌دامیان دایه‌وه به که‌س و کاری , هه‌رچه‌نده شیعه‌کان ده‌یان ویست ته‌رمه‌که‌ی بشارنه‌وه و نه‌یده‌نه‌وه به خاوه‌نانی , له‌وه ده‌ترسان پڕکێشییه‌کان سه‌دام له‌به‌رده‌م په‌تی قه‌ناره , سه‌رنجی خه‌ڵك ڕابکێشێت و گۆڕه‌که‌ی پیرۆز بکرێت , به‌مه‌ش له نه‌دانه‌وه‌ی ته‌رمه‌که‌ی شیعه‌کان ده‌یانوویست هه‌مان ڕێوشوێنی سه‌دام بگرنه به‌ر .

ئه‌وه‌ی شیعه‌کان ده‌یانویست تۆڵه بوو , نه‌ك چه‌سپاندنی یاسا . له دوای ئه‌و ڕسواییه نازانم دادگای سه‌رده‌م چی به‌سه‌ر دێت ؟؟؟ , به له سێداره‌دانه‌که دادپه‌روه‌ری کۆتایی هات , یان بوو به شه‌ڕی مه‌زهه‌بی .

له پرۆسه‌ی سێداره‌دانه‌که , ده‌رکه‌وت له عێراقی نوێدا , به فه‌رهه‌نگی موقته‌دا ده‌سه‌ڵات به‌ڕێوه ده‌برێت و خه‌ڵك په‌روه‌رده ده‌کرێت .

په‌ته‌که , شوێنه‌که , درووشمه‌کان , که‌سه‌کان , ئاماده‌بووان له گه‌ڵ سه‌رده‌می سه‌دام نه‌گۆڕابوون . ته‌نها لیستی ئیئتلاف ئاماده‌ی له سێداره‌دانه‌که بوون , کرده‌که تۆڵه‌کردنه‌وه بوو , نه‌ك جێبه‌جێکردنی یاسا و بڕیاره‌کانی دادگا . هه‌رچه‌نده نابێت ئه‌وه بشارینه‌وه له هه‌موو وڵاتانی نه‌وتدا گرنگی زیاتر به ده‌ستکه‌وت ده‌درێت وه‌ك له یاسا , ملی سه‌دامیش بوو به به‌شی موقته‌دا له دابه‌شکردنی ده‌ستکه‌وته‌کان .

له وڵاتی مه‌رگ و زینداندا , ئه‌و ڕۆشنبیرییه سه‌دامییه به یه‌کسانی به‌سه‌ر ئه‌ندامانیدا دابه‌شکراوه , ئه‌و جه‌لادانه‌ی سوکایه‌تییان به سه‌دام کرد , هه‌ر خۆی له ڕابردووی نزیك په‌روه‌رده‌یانی کردووه , مرۆڤه‌کان له ده‌سه‌ڵاتدارییه‌تی عێراقی نوێدا نه‌گۆڕاون , درێژکراوه‌ی مرۆڤه‌کانی به‌عسن , هه‌ربۆیه له‌و چرکه ساته سه‌دام به قوربانییه‌کانی خۆی پێده‌که‌نی , چۆن به‌بێ ئه‌قڵانه تۆڵه‌ی لێده‌که‌نه‌وه , ئه‌و به‌وه پێده‌که‌نی چۆن به سانایی پاکی ده‌که‌نه‌وه له‌و هه‌موو ئه‌و تاوانه‌ی ئه‌نجامی داوه .

مێژووی به‌غدا هه‌مووی کوشتن و کوشتنه‌وه و داگیرکردن بووه له‌سه‌ره‌تای دروستکردنییه‌وه , له ساڵی 814 ز له کوشتنی ئه‌مینه‌وه ده‌ستی پێکرد , سه‌فه‌وییه‌کان 4 جار له نێوان ساڵه‌کانی ( 1508 _ 1638 ز به‌غدایان داگیرکردووه و خه‌ڵتانی خوێنیان کردووه , شاریان لێوا لێوی خوێن و که‌له‌سه‌ر کردووه , ئه‌مجاره‌ش گه‌ڕه‌که‌کانی شار له مه‌زهه‌بی جیاجیاکان پاککراونه‌ته‌وه , وه‌لێ له ئاینه‌کانی دی نا , که‌واته شه‌ڕی شیعه و سوونه تیرتره له شه‌ڕی ئاینه‌کان .

پاش له سێدارەدانی سەدام سەرۆکی ئێران بەهەڕەشەوە وتی : دادپەروەری ئیلاهی بنا قاقای سەدامی گرت , ملی هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە پشتیان گرت له هێرش بۆ سەر ئێران , زوو بێت یان درەنگ .
داکۆکیکردنی بەرپرسانی شیعەی عێراقی و ئێرانییەکان له دڕندەیی شێوەی هەڵواسینەکە , مانای دووبارە بوونەوەی هەمان شێوازە له ئایندەدا , مانای ئەوەیە پەتی قەنارە بووە بە میتۆدی دەسەڵاتدارییەتی له عێراقی نوێدا , دوێنێ ملی سەدامی گرت , سبەی ملی ئازادیخوازانی پێوە دەبێت , کەواتە خاڵخاڵییەکان بۆ پاوانکردنی دەسەڵات له عێراق بەرێوەن .

# سێدارە سەدامی کوشت یان نەمری کرد ؟

ئەو ڕۆژەی سەدام تیایدا له قەنارە درا لای بەشێك له هاووڵاتیانی عێراق جەژن بوو , هەرچەندە بۆ جەلاد ئەو ڕۆژە جەژن نەبوو , چونکه شیعە بوو , وەلێ جەژنی سەدام بوو چونکه سونی بوو , بە پێی یاسای عێراقی نابوایا له ڕۆژی جەژندا سەدام ملی بە قەنارەیا بکرایا , بەمەش سەلماندیان ڕۆژمێری شیعەو سونە جیایە , ئیسلام دوو مێژوو و دوو ڕۆژمێری هەیە , واتا عێراقی نوێ , ڕۆژمێری نوێشی هەیە .
سەدام دووەم کەسە له مێژووی عێراق له جەژنی قورباندا دەکرێت بە قوربانی مرۆیی , له دوای جەعد بن درهەم کە له 10 ی زوالحەجەی ساڵی 134 ی کۆچی , له شاری واست , لەبەردەم خەڵکدا , والی ئەمەوی له عێراق , بە تاوانی هەڵگەڕانەوە له ئاین له سێدارەیدا , بەمەش هەڵبژاردنی ئەو کاتە هەڵەیە بۆ لەسێدارەدانی , سەدامی بردە مێژوەوە .
له سێدارەدانی سەدام , نمایشێکی وەحشیانە و دڵڕەقانە بوو , لای ئەوانەی جەژنیان لا گرنگ بوو , هەموو پیرۆزییەك بۆ ژیان نەما , له گەڵ له سێدارەدانی سەدام له ڕۆژی جەژنی قورباندا , بەمەش سەدام بوو بە ئیسماعیلی سەردەم , چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل بوو بە واقیع .
لای موسڵمانەکان باوە له سێدارەدان , له مانگەکانی حەرام یاساغە , بەتایبەت له جەژنی قوربان و مانگی زوالحەجە , کە تیایدا سەربڕینی مرۆڤ حەرام دەکرێت , وەلێ ئیسلامییە شیعەکان , گوێیان له پیرۆزی ئەو ڕۆژە نەگرت , حەرامیان حەڵاڵ کرد , له جیاتی شیوەنکردن لەسەر عەباس و حوسێن , موقتەدا و سەدرەکان بوونە ئیلهامی جەژنەکەیان .
شیعەو سونی له کەرتبونێکی وادان , ڕەمەزان و جەژنیشیان یەك نییە , بەهەشت و جەژنیش یەکیان ناخاتەوە , ملی سەدام ئەو دابڕانەی تیرترکرد .
بەو کردارە ناشرینەی نمایشیان کرد له هۆڵی له سێدارەدان , هەموو مێژووی ڕەشی 45 ساڵەی سەدامیان , بەو 5 چرکە هەڵپەڕینە گۆڕییەوە , بەمەش سەدامیان کرد بە حوسێنی سوونە .
بەشێك زۆر ئەوانەی لەو ڕۆژە دژ بە چۆنییەتی له سێدارەدانی سەدام بوون , لەڕابردوو دوژمن و نەیاری سەرسەخت و هەمیشەیی سەدام بوونە , وەلێ لەگەڵ ئەو شێوازە وەحشیانەیەو ئەو نمایشە زۆر دواکەوتوانەیە نەبوون .

له چەند بارێکەوە پرۆسە و کاتی له سێدارەدانەکە یاسایی نەبوو , بڕیارە له سێدارەدان له ڕۆژانی پشوو وجەژن جێبەجی نەکرێن له عێراق , هەروەها هێشتا 30 ڕۆژ بەسەر دەرچوونی بڕیارەکەیا تێنەپەڕیبوو , سەرباری ئەوەی سەرۆك کۆمار و جێگیرەکانی واژۆی بڕیارەکەیان نەکردبوو , ئەمانەش وایکرد دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقی بەرەو گومانی بوون بکاتەوە و لە گەڵیدا یاساش له سێدارەبدرێت .

ئەو درووشمە مەزهەبیانەی لە کاتی لە سێدارەدانەکە وترانەوە , زیاتر ڕووی ڕاستی پرۆسەی لە سێدارەدانەکەیان دەرخست , هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی لە سێدارەدانەکە و هەڵبژاردنی کاتەکەو پشتگوێخستنی سەرۆکایەتی , سەلماندی دەوڵەت بوونی نییە لە عێراق , لە دوایشدا لێبونەوەی سەری بارزان لە جەستەی زیاتر ڕسواییەکانی دادگاییەکەی خەستتر کردەوە .

شێواز و شێوەی لە سێدارەدانەکە , ئەو شێواز و شێوەیە بوو تاوانکاران , توندڕەوەکان دەیانویست , شینی ئەوان بۆ ملی سەدام نییە , بەڵکە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەتەکانیان بوو لە عێراق , ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی ملی سەدامەوە شەڕی مەزهەبی بەرەو پێبدەن و بارودۆخی سیاسی ئاڵۆز بکەن و پرۆسەی سیاسی بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوەی عێراق لەسەر بنچینەی بالا دەستی شیعە پەك بخەن .

هەرچەندە سەدام دوای لە سێدارەدانی , تەرمەکەی درایەوە بە کەس و کاری و بە مەراسیمەوە لە عۆجە شاردیانەوە , وەلێ خۆی لە ڕابردوودا یەك تەرمی ئەنفالەکانی نەدایەوە بە کەس و کارەکانیان .

هەروەها بە بەڵگەو وێنەوە لە سێدارە درا " دیارە دوو جۆر وێنە , یەکیان دەوڵەتی بێ دروشمی مەزهەبی و سەدامێکی بێدەنگ , ئەوی دی فەوزایەکی مەزهەبی و سەدامێکی نەترس " کەچی خۆی 182000 مرۆڤی کوشت , نەیهێشت یەك بەڵگەی بچووك دەست کەس و کاریان بکەوێت .

نەیارانی هەڵواسینی سەدام , زیاتر گرنگییان بە 2 چرکەی کۆتایی ژیانی سەدام دا , نەك 35 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی ڕەشی , ئەمەیە وا دەکات ئەو خوێنەی لە ملی سەدامەوە هات , مێژووە ڕەشەکەی پاك بکاتەوە لای خەڵکێکی زۆر لەوانەی درندەیی دەسەڵاتدارییەتی ئەویان نەچەشتووە , هەروەها هەندێك ڕێکخراو هەڵوێستیان جێگیرە لە بنەڕەتەوە دژ بە لە سێدارەدانن .

هەموو تاکێك مافی ژیانی هەیە , وەلێ دکتاتۆرێك سەدان هەزاری بێ دادگا کوشتبێت , عێراقیکردبوو بە مەملەکەتێکی گەورەی ترس , ئایا هەمان مافی هەیە ؟ , ئەمە ئەو پرسیارەیە نەیارانی سەرسەختی لە سێدارەدان , ناتوانن بە جورئەتەوە وەڵامی ڕاشکاوانەی بێ پێچ و پەنای بدەنەوە " لە پاریس کۆنگرەی دژ بە لەسێدارەدان لە بەرواری 28-1-2007 بەسترا , وتیان سەدام لە هەلومەرجێکی خراپ لە سێدارەدرا و لەسەر هەموو تاوانەکانی دادگایی نەکرا ( ایلاف 28-1-2007) .

بەڵام شێوازی هەڵواسینەکەی سەدام , مامانی لە دایك بوونی سەدامێکی دیکەیە لە هەمان وڵاتدا . بەمەش شێوەی هەڵواسینی سەدام لە سێدارەدانی عێراقێك بوو , سەدام 35 ساڵ بە ئاگر و ئاسن یەکێتیەکەیی پاراست , بە ملی کۆتایی پێ هێنا .

هەوادارانی ئەمڕۆی سەدام , زیاتر عەرەبی نا عێراقی و ئیسلامین , خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکان زیاتر دژ بە ئێران و ئیسرائیل بوون نەك دژ بە ئامەریکا , لە شەقامەکان مەرگ بۆ مەجووس و جولەکە دەوترانەوە نەك بۆ ئامەریکا , بۆیە نارەزایەتییەکان بۆنی شەڕی مەزهەبییان لێ دەهات نەك شەڕی ئاینی

, بەمەش پانتایی شەڕی شیعە و سونی دەگوازرێتەوە بۆ مەودایەکی بەرینتر , لە سنووری بەغداوە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی , لە جزر قەمەرەوە بۆ مەغریب و پاکستان .

کەس پێشبینی ئەوەی ناکرد , ئیعدامکردنی تاوانکارێکی وەك سەدام , دەبێت بە شەهادەت و وێنەی سەدام لای لایەنگرانی دەچێتە ناو مانگەوەو پیرۆز دەکرێت

یاخوود سەدام بچێتە پاڵ عومەر موختار , وێنەکەی لە شەقامەکانی وڵاتانی ئیسلامی بشەکێتەوە , بەمەش وێنەی عومەر خاوەر و گۆڕە بە کۆمەڵەکان کاڵ بکاتەوە .

تەنانەت موسڵمانەکانی هیندستان لە ویلایەتی بیهار , ناوی گوندەکەیان لە لاهوناوە گۆڕی بۆ سەدام حوسێن , هەموو گوندەکە بۆ هەڵواسینەکەی گریان .

ئەمەش وایکرد پەرتووکەکەی محەمەد مەدبولی لەسەر نەمردنی سەدام و عودەی و قوسەی , شان بە شانی پەرتووکەکانی ئێدوارد سەعید و نەجیب مەحفوز بفرۆشرێن لە پیشانگای پەرتووکی قاهیرە .

تەنانەت لە چلەشیدا شیوەنی بۆکرا , دیارە لە سێدارەدانی سەدام کۆستێکی گەورە بوو بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی , لەگەڵ هەڵواسینی ئەودا , خەونی ناسیۆنالستی عەرەبیش هەڵواسرا .

ئایا دەبێت لە مێژوودا هەموو مرۆڤە پیرۆزەکان بەم شێوەیە بە نەمری بۆ ئێستا مابێتنەوە ؟ , ئەو مرۆڤانەی دوای مەرگیشیان بەرۆك بە زیندووەکان بەر نادەن .

# نهێنیی لە سێدارەدانی سەدام

شەوی لە سێدارەدانی سەدام بووش پێش ئەوەی چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو هەواڵە گرنگە بکات چوو خەوت , چونکە دەیزانی ئیعدام دەکرێت , بڕیارەکە پێشتر لە لایەن خۆیانەوە درابوو .

هەرچەندە لە ڕوانگەی عەقڵەوە نەك سۆزەوە , پەتەکەی ملی سەدام هەموو ستەمکارانی جیهانی ترساند , هەرچەندە نابێت ئەوەش لە یاد بکەین ئەمەریکا نەبوایا , لە فیردەوس , منداڵان پەتیان لە ملی سەدام دەکرد , لە وێنەکەی خراپتری بەسەر دەهات .

لە سێدارەدانی سەدام سزادانی بە تۆڵەی خێرا و ڕزگاربوونی لە درکاندنی نهێنییەکان , نەك تەنها زیانێکی گەورە بوو لە کورد کەوت , بەڵکە هەموو مرۆڤایەتی و مێژوو زیانێکی مەزنیان پێ کەوت , بەو کردەیە زۆر تاوانبار خۆیان دەشارنەوەو لە مێژوودا شەرمەزار ناکرێن , ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕاستییەکان وەك خۆی بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا نەکرێن و بۆ نەوەکانی داهاتوو بە ئامانەتەوە نەگواسترێنەوە .

دەکرا سەدام و هاوکارانی , ئەوانەشی دواتر هەمان چارەنووس چاوەڕوانیانە , وەك دادگاکانی نۆرنبێرگ , ڕواندا , بۆسنە , ژاپۆن تاکو کۆتایی هاتنی سەرجەم دۆسیەکانی دادگا بهێڵرێنەوەو سزاکانیان بەسەردا جێبەجێنەکرێت , بۆ ئەوەی سەرجەم قوربانیانی تاوانەکانیان , لە ڕوی یاسایی و ئابووری و سیاسییەوە مافی خۆیان وەردەگرن , ئەوەش بە بیر خۆمان بهێنینەوە , لە جەنگی جیهانی دووەمدا تەنها ستالین

دەیەویست هیتلەر دادگایی بکرێت , ئەمەریکاو ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ کوشتنیدا بوون , ئەمجارەشیان لەگەڵ دادگاییکردنی سەدامدا نەبوون .

سەدام یەکەم کەس نەبوو لە عێراقی نوێدا لە سێدارەدرا , کە بڕیار بوو وڵاتی بێ قەنارە بێت , لە بەرواری 1-9-2005 کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی , بۆ یەکەمجار لە دوای ڕوخانی ڕژێمەوە , 3 کەس لە سێدارە دران , ئەوانیش هەر یەك لە : (ئەحمەد جاف – عودەی داود دلێمی – جاسم) بوون , کە بە تاوانی ئەندامەتی لە ئەنسار سوونەو ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە سێدارەدران , لە دادگای کووت لە بەرواری 22-5-2005 بڕیاری لە سێدارە دانەکە پەسەندکرا .

کوێتییەکان کۆی گشتی نزیك بە 600 قوربانیان هەیە , لە بەرامبەردا کورد زیاتر لە 600000 , کەچی ئەوان لە کورد مکوڕتر بوون لەسەر سزادان و دادگاییکردنی تاوانباران , داوایان لەسەر سەدام و 8 لە یارمەتیدەران و 293 لە یاریدەدەرانی تۆمارکرد , کوردیش وەك دەسەڵاتدارییەتی لەسەر کەس ... ؟ , وەلێ وەك وەك مافی شەخسی دەیان کەس کە ناوەکانیان لە دادگا تۆمارکراوە , لە بەر بەرژەوەندی پرۆسەی دادگا لە داهاتوو بڵاویان دەکەینەوە .

لە سەرەتاوە جدییەت بە دادگاییەکە نەدرا لە لایەن سەرانی کوردەوە , سەرانی کورد ئەوەندەی گرنگیان بە تەنەر و کۆمپانیا دا , یەك چارەکی ئەوە گرنگیان بە دادگاکە بدایا , ئاوا بە سانایی تاوانباری یەکەم هەموو نهێنییەکانی لەگەڵ ملی خۆیدا نابردە گۆڕەوە , دەهێڵرایەوە تاکو ئەوکاتەی هەموو ڕاستییەکانی ئاشکرا دەکرد , وەلێ مخابن ڕێز لە قوربانی و کۆمەڵکوژی و کارەساتەکانی کورد نەگیرا , ئەنفال و هەڵەبجە کە دایکی تاوانەکانی سەدام بوون خرانە دواوە , هەموو کرا بە قوربانی کایەی ناو پرۆسەی سیاسی عێراقی , کرا بە قوربانی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی مەزهەبی لە عێراق , سەدام لە 19-10-2005 تاکو 7-11-2006 بۆ تاوانەکانی دوجەیل هێڵرایەوە , کەچی لە تەنها 4 مانگ لەسەر ئەنفال دادگاییکرا , لە بەرواری 26-12-2006 دادگای تێهەڵچونەوە بڕیاری لەسێدارەدانی سەدامی ڕاگەیاند دوای 4 ڕۆژ ملی بە قەنارەیا کرا , ئەوەندە پەلەیان بوو لە جێبەجێکردنی چاوەڕوانی واژۆی سەرۆکایەتییان نەکرد , هەرچەندە سەدام پێشتر خۆی بڕیاری لە هەمان چەشنی دابوو , بۆ لە سێدارەدان نەگەڕێنەوە سەر واژۆی ئەو , لە خوارەوە هەمان بەڵگەنامە دەبینن .

بە لە سێدارەدانی سەدام هەموو تۆمەتێك لەسەری کۆتایی هات , قەرەبوکردنەوەش دۆڕا , ئەگەر سەدام لەسەر تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال سزا نەدرێت , چۆن لە سەروەت و سامانی ئەو قوربانیان قەرەبووبکرێنەوە , ئەمەش وا دەکات بێسڵەمینەوە بڵێین لە سێدارەدانی سەدام , لە سێدارەدانی مافەکانی کورد بوو .

هەموو تاوانەکان سەر سەدام کەوتن بەهۆی لە سێدارەدانییەوە , هەموو لێپرسینەوەیەکی یاسایی لەگەڵێ ڕاگرترا , سەدام تەبرییە کرا لە هەموو دڕندەییەکانی , شۆردرایەوە لەهەموو خوێنخۆرییەکەی , هەموو سزادانەکەی هاتە سەر ئەوەی ئەگەر سەروەت و سامانی هەبێت , دەستی بەسەردا دەگیرێت , ئەوەش کورد لێی بێبەری دەکرێت . هەرچەندە دادگا لەگەڵ زیندووەکان بەردەوام دەبێت , لێ گەورەترین تاوانبار لە دادگاکە دەرکرایە دەرەوە , تاوانبارانی دی عەلی حەسەن مەجید هەرە زەبلاحیانە , ئەویش فەرماندەی ناوچەیی پارتی بەعسە نەك سەرۆکی هەموو عێراق , هەر واشیکرد , بڕیاری ئەنفالی بە بڕیاری

خۆی وەك ئەمینداری باکووری پارتی بەعس دایە قەڵەم , دیارە بۆ هەڵەبجە لە وانەیە بچوکتریش بکرێتەوە .

سەدام چووە ناو گۆڕێکی پڕ لە نهێنییەوە , پێش لە سێدارە دانەکە مشووری ئاشکرا کردنی تاوانەکان و دەرخستنی نهێنییەکانی نەخورا , ئاساییە لێرە بەدواوە زیندووەکان , زۆربەی تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی سەدام , حوسێن ڕەشیدا لە ڕۆژی 2008-2-8 هەروایکرد , چونکە لە ڕاستیدا به فەرمانی سەدام هەموو ئەو تاوانانە ئەنجام دراون , بڕیارەکانی سەدام زۆربەیان تاك لایەنە بوونە و کەس نەیوێراوە ڕەتیان بکاتەوە .

دەرچوونی سەدام لە کایەکە , ڕەونەڤ دادگاییەکە دەبات و بچووکی دەکاتەوە , بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوی لە عێراق , دادگاییکردنی سەدام لەسەر هەموو تاوانەکانی پێویست بوو , بۆ بە دۆکۆمێنتکردنی ڕاستییەکانی مێژوو , ئامادەیی هەمو شایەدحاڵەکان بە تایبەت سەرۆکی تاوانکارەکان زەروور بوو .

پرۆسەی دادگا و جێبەجێکردنی سزاکە بە شێوەی یاسایی بەڕێوە بچوبایا , لە بەرژەوەندی بە دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکانی دژ بە کورد بوو , چونکە چەسپاندنی دادپەروەری دادوەری سەنگی ڕەوایی دادگایە , کەچی دەبینین خەڵکێکی زۆر پێیان وایا لە سێدارەدانەکە بۆ تۆڵەکردنەوە یان لە پێناو شاردنەوەی نهێنییەکان بوو .

لە سێدارەدانی سەدام بێ کۆتایی هاتنی دۆزەکانی کورد , شکستی سیاسییەکانی کورد بوو لە بەغدا بۆ خوێندنەوەی ڕوداوەکان , بۆ هەڵسەنگاندنی پێشهاتەکان , دەرکەوت کەس نەیانی خوێندەوە لە عێراقی نوێ , هەرچەندە خۆشیان نەیان ویست بیانخوێننەوە .

لە دوای لە سێدارەدانی سەدام , ئایا پرۆسەی دادگاییکردنەکە , لە دادگاییکردنی کەسەوە بەرەو دادگاییکردنی سستەمی سیاسی و دەوڵەتی عێراقی دەچێت ؟؟ , یاخود وردە وردە دادگا پاکدەکرێنەوە لە تاوانکاران , لە کۆتاییدا تاوانکارێك بە پلەی نایب عەریف بۆ دادگاییکردنی لە پای تاوانێکی گەورەی وەك هەڵەبجە بۆ کورد نامێنێت , بەمەش دادگاکە ئەوەندە هەزیل دەبێت چاوەڕوی پیشاندنی نامێنێت لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە , ئەگەر ئەم تاوانکارانەی ئێستاش بە عەلی کیمیاوییەوە لە پرۆسەی دادگای ئەنفال لە سێدارە بدرێن , هەڵەبجە نێچیرێکی بۆ نامێنێتەوە تاوانکاری ڕاستەوخۆ بێت لە تاوانەکە , بەمەش هەموو ڕزگاریان دەبێت لە ڕسواییەکانی هەڵەبجە , دیارە لەو ڕسواییە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق بە ئێران و ئەمەریکاشەوە شەریکن , ئەگەر زیاتر نەڕوات بۆ دەسەڵاتدارییەتی کوردیش , بێشك بەرۆك بە ئەوانیش دەگرێت .

شینی من بۆ نهێننیەکانی سەدامە نەك بۆ خۆی , بە جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام , هەموو قازانجیان کرد جگە لە کورد , هەموو ڕزگاریان بوو لە نهێنییەکان , ئێران , ئەمەریکا , پارتە کوردییەکان ... کۆمپانیاکان ڕۆژئاوا , هەموویان لە ڕسواییەکان تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال دەترسان .

ئامانجی لە سێدارەدانەکە بۆ خۆی لە پێناو  شاردنەوەی نهێنییەکان و ڕزگاربوون بوو لە کاریگەرترین و گەورەترین شایەدحاڵی تاوانەکان , بەمە  ئامانجەکەیان پێکا , ئەوەش  خۆی لە خۆیدا  ناپاکییەکی گەورە  بوو بە قوربانیانی کورد و  گۆڕە بە کۆمەڵەکان کرا .
عێراق خاوەند چوارەم هێز بوو لە جیهان , هەرچەندە بۆ خۆی بچوکترین پارچە چەکی بەرهەم نەهێناوە , ئەوانەی بەهێزیانکرد بەرپرسن لە تاوانکارییەکانی , هەرچەندە هەرخۆشیان دوایی ڕوخانی تەنی تانکەکانیان بە تەها  900 دۆلار فرۆشتەوە .
لە بەشی کۆتایی دادگادا ,  تورکیا و کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی  ناویان هاتە پێشەوە , لەگەڵ ئانراتدا ژاپۆن و ئەمەریکا و سویسرا و میسر و ئیتاڵیا و ئوردن و تورکیا و سەنگافورەو هۆڵەندە ئامادەییان هەبوو , بە دوایدا نەمسا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و هیندستان و فەرەنسا و لۆکسمبۆرگ و ئیسپانیا و بەریتانیا و ئەرجەنتین و ... زۆری دیکەش دەهاتنە پێشەوە , سەدام بە تەنیا ئەو هەموو تاوانانەی ئەنجام نەداوە , بەڵکە ئەوانە هەموو هاوبەشن لەگەڵی , کەشتی ئاسمانی ڕۆژئاوایی , یارمەتی سیخوڕی و لۆجستیکی ئەمەریکی , سەربازی سوپای سودانی و یەمەنی , گولە تۆپی میسری و نەمساوی , ناپاڵمی هیندی و سیخۆی ڕوسی , تانکی بەرازیلی و مینی چینی , پارەی کەنداوی , ......... هەموو لە پشت ئەنجامدانی ئەو تاوانانەوە  بوون  , بەمەش سەدام نهێنی شەرمەزاری  یەك ئەستێرەی  پڕ لە حەشاماتی بردە گۆڕەوە . هەروەك دەزانین ڕامسفێلد لەساڵی 1983 لە بەغدا بوو , ڕۆڵی ئەمەریکا لە جەنگی ئێران – عێراق بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە .
کاتی خۆی فەرەنسا و ئەمەریکا بە هەموو توانای خۆیانەوە ڕێگریان لەسەر سزادانی سەدام  لەسەر ئەو تاوانە کرد ( هەڵەبجە) .
سەرۆك ڕیگان یاسای گەمارۆی بازرگانی ئەمەریکای لەسەر عێراق کردە ڤیتۆ و ڕێگر بوو لەبەردەم داسەپاندنی  .
ڕیگان لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانە  جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکا لە جیهان , جەختی کردەوە کە کوردەکانی هەڵەبجە , لە لایەن ئێرانییەکانەوە ژەهرباران کراون .
" لە کانوونی یەکەمی 2002 سیای ئەمەریکی لە کاتی شەودا ڕاپۆرتێکی 12000 لاپەڕەییان دەربارەی چەکەکانی سەدام حوسێن لە بارەگای ڕێکخراوی یوئێن فڕاند , ئەم دۆکۆمێنتانە دوای 48 کاتژنمێر گەڕێنرانەوە , لە کاتێکدا 100 لاپەڕەیان لێوەرگرتبوو , لەو 100 لاپەڕەیەدا " .
" لەو 100 لاپەڕە بزربووە , بابەتی لەسەر کۆمپانیای بچتل تیابوو کە بوجەکەی لە لایەن خێزانی بوشەوەیە , کە مادەی کیمیاوی بۆ عێراق گواستۆتەوە " (چاودێر –29–1–2007 , کارزان محەمەد , لە لیمۆندە دیپلۆماتیکەوە , بە دەستکاری کەمەوە وەرگێراوە ) .
کە دادگای تێهەڵچونەوە  بڕیارەکەی لە لەسێدارەدانەوە بۆ زیندانی  بۆ سەدام کەم نەکردەوە , سەدام ویستی دان بە تاوانەکانیدا بنێت , لێ نەیانهێشت دەم بجولێنێتەوە  زوو لە سێدارەیان دا .
دەبوایا سەدام لە دانیشتنی 8ی مانگ ئامادە بوایا , قسەی خۆی بکردایا و ئیفادەی وەربگیرایا , کەچی ژیانیان لێسەندەوە کورسییەکەیان بە چۆڵی بە جێهێشت بۆ عەلی حەسەن مەجید و تاوانەکانیان کاڵ

کردەوە , ئەنفالیان لە نەخشەی دەوڵەتی عێراق بۆ قڕکردنی کوردەوە کرد بە بڕیاری سەرکردەی باکووری پارتی بەعس .

بەدیع عارف دوو ڕۆژ پێش لە سێدارەدانی سەدام وتی : دەیەوێت شایەدی بدات لەسەر ئەنفال . هەروەها وتی : تاریق عەزیز زانیاری و ڕاستی ترسناکی لایە , دەیەوێت بە بیروڕای جیهانی ڕابگەیەنێت .

محەمەد شێخلی بەڕێوەبەری مەڵبەندی توێژینەوەی گواستنەوەی دادپەروەری وتی : زانیاری زۆر نهێنی هەیە جگە لە سەرۆکایەتی پایە بڵندی پێشووی عێراقی , کەسی دی نایانزانێت , ئەویش پێك هاتووە لە سەدام و هێماکانی یەکەمی دەسەڵاتەکەی , کە لە ڕۆژانی داهاتوو بڕیاری لە سێدارەدان بەسەریانا دەسەپێنرێت (( سەدام لە سێدارە بدەن لە گەڵیا نهێنییەکانیشی )) .

وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەری هۆبەی13 هەواڵگری عێراقی تایبەت بە کاروباری ئێران , یەکێکە لەوانەی لە پرۆسەی دادگاییەکە ناوی هاتە پێشەوە (اعدام صدام سريعا لاعدام اسرار الانفال – احمد عطا – اسلام اون لاين نيت 6-1-2006) , سابیر دووری و حوسێن تەکریتی بە دارێژەری بیری ئەنفالیان ناساند , کەچی ئێستا سکرتێری کاروباری ئەمنی سەرۆك کۆمارە .

بریماکرف وتی : سەدام لە سێدارەدرا بۆ ئەوەی دەنگی کپ بکەن , تەنانەت پێی وایە سەدام پێش 9–4–2003 لەگەڵ ئەمەریکییەکان ڕێك کەوتبوو , ئاسانکاری بکات بۆ گرتنی عێراق ( بی بی سی 15–1–2007) . بە پێی ڕۆژنامەی تەلەگراف بارزانیش بۆیە لە سێدارەدرا , بە مەبەستی پاراستنی ئەو کۆمپانیانەی مادەی کیمیاوییان بە عێراق فرۆشتووە ( پیو ئۆنلاین 17–1–2007) .

سەدام لە مەرگ و ماندا هەر مایەی کوێرەوەری بوو بۆ کورد , سەرانی کوردیش نە توانییان لە کاتی خۆی ژیرانە لەو دڕندەیە بمانپارێزن , نە ئێستاش توانیان خوێنی ڕژاومان لە بەرژەوەندی ئەم گەلە سەرمایەگوزاری بکەن , دوێنی بە چەقۆی ناسیۆنالستی عەرەبی ژینۆسایدکراین , لە داهاتوودا ژینۆسایدی پیرۆزی خومەینیانە چاوەڕوانمانە , ئەگەر فریا نەکەوین , تاکو لە چیای حەمرین بە گەورەیی لەسەری نەنوورێت ببورن هاووڵاتیانی کوردی کوردستان , ئەوە نە عێراق نوێیە , نە ئێمەش بە داخوازەکانمان گەیشتووین , لە عێراقدا تەنها ناوەکان و ڕۆژمێرەکان و بەرگەکان گۆڕاون .

٢٦٢

[redacted] DOC [redacted]

005298

"A"

رقم القرار / ٨٤٠

تاريخ القرار / ٢٥/ ١١/ ١٩٨٦

## قرار

استناداً إلى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والأربعين من الدستور
قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٥/ ١١/ ١٩٨٦ ما يلي :

أولاً : تعتبر أحكام الاعدام المكتسبة الدرجة القطعية واجبة التنفيذ
بحق الاشخاص الذين صدرت ضدهم في جميع الجرائم دون حاجة
للمصادقة عليها من رئيس الجمهورية وتتولى الجهات ذات العلاقة
اخبار رئاسة الجمهورية بتلك الأحكام للاطلاع عليها .

ثانياً : يعتبر هذا القرار مخصصاً للأحكام الدستورية والقانونية ذات العلاقة
بالمصادقة على تنفيذ أحكام الاعدام .

ثالثاً : يعمل بهذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ويتولى
الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذه .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة